گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕێکەوتنامە سیاسییەکانی سوڵتان سەڵاحەددین لەگەڵ بنەماڵەی زەنگییەکان

**لانە حيدر جوكل**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Jukldizayee@gmail.com

**پ.ی.د. رابیعە فتاح شێخ محمد**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Rabeah.shikhmohamad@su.edu.krd

## پوختە

توێژینەوەکە لەژێر ناونیشانی(ڕیککەوتننامە سیاسیەکانی سوڵتان سەلاحەدین لەگەڵ بنەماڵەی زەنگییەکان)، باس لەو هەوڵە دبلۆماسی و سیاسییانە دەکات، کە سوڵتان بە ئاراستەی یەکخستن و یەکگرتوویی بەرەی موسڵمانان لەگەڵ بنەماڵەی زەنگییەکان گرتییە بەر. لەم کاتەدا جیهانی ئیسلامی ڕووبەڕووی پەرتەوازەییەکی زۆر ببووەوە، سوڵتان سەڵاحەددین خۆی بە خەمخۆری جیهانی ئیسلامی و موسڵمانان دەزانی. لە دوای مردنی نورەددین مەحمود لە ساڵی (569ك/1173ز) مەلیك ساڵحی کوڕی تەمەنی بچووك بوو؛ کاتێك شوێنی باوکی گرتەوە، سەڵاحەددین بە هەموو شێوەیەك بە ئاشتی و شەڕ و دانوستان هەوڵی دا زەنگییەکان لەژێر سەرکردایەتی دەوڵەتی ئەییوبی کۆ بکاتەوە و لە شەڕی دژ بە خاچیەکان بەکاریان بێنێ، سەرەتا هەوڵی دا دیمەشق دواتر شاری شەنگاڵ و حەلەب کە گرنگیەکی زۆری هەبوو بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی، ئەوەی مابووەوە شاری موسڵ بوو کە شارێکی بایەخداری زەنگییەکان بوو لە دوای سێ خول دانوستان توانی موسڵ بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، دواتر زەنگییەکان لەڕووی ماددی و مەعنەویەوە لە پاڵپشتی کردن و هاوکاریکردنی سوڵتان سەڵاحەددین درێخییان نەکرد، هێزێکی کارا و کاریگەر بوون لە هەموو شەڕەکانی سوڵتان دژ بە خاچییەکان.

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/١٢/٥
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٢/٣
بڵاو کردنەوە: پایز ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان:**
*Political, Zankien, Sultan Salah al-Din, effective, Crusaders.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.3.14

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاتنی زەنگیەکان بۆ پاڵ سوڵتان سەڵاحەدین بووە هۆی یەکگرتوویی بەرەی موسڵمانان و یەکخستنی تواناکانیان بەرامبەر بە خاچییەکان، چەندین هۆکار پاڵی بە هەردوو لایەنەوە نا بۆ رێککەوتن، ئەو رێککەوتننامانەش چەندین کاریگەری و لێکەوتەی لێکەوتەوە، بەمەش ئاواتی سوڵتان بۆ یەکرِیزی موسڵمانان و رزگارکردنی ناوچەکان بەتایبەتی رزگارکردنی شاری قودس هاتە دی، چونکە سوڵتان دەیزانی بە تەنها و بێ یەکخستنی بەرەی موسڵمانان ئەو ئاواتەی نایەتە دی، بەڵکو بە یەکگرتوویی و یەکرِیزی موسڵمانان دەتوانن ئەم کارە بکات. ئەو رێککەوتننامانە بوونە هەوێنی سەرکەوتنێکی گەورە بۆ سوڵتان، خودی سوڵتان گرنگیێکی زۆری بەو رێککەوتنانە دەدا، چونکە دڵنیا بوو لەو رێگەیەوە دەتوانێ بە ئامانج و ئاواتەکانی بگات و سەرکەوتنی گەورە تۆمار بکات.

## پێشەکی:

سوڵتان سەڵاحەددین هەوڵیدا لەگەڵ بنەماڵەی زەنگییەکان پەیوەندیەکی باش و دۆستانە دروست بکات و لەژێر ئاڵای ئیسلام کۆیان بکاتەوە؛ بەمەبەستی یەکخستن و یەکرِیزی بەرەی موسڵمانان بۆ پارێزگاری کردن لەسنوری دەوڵەتی ئیسلامی و رزگارکردنی قودس و گێرانەوەی بۆ ژێردەسەلاتی موسڵمانان؛ لەو پێناوەدا چەندین رێککەوتن و دانوستانی ئەنجامدا وەکو لەتوێژینەوەکەدا روون کراوەتەوەو باسی لێوەکراوە.

## گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی توێژینەوەکە لەوە دایە خوێنەرشارەزا دەبێت بە ناکۆکی و شەرەکانی سوڵتان سەڵاحەددین و بنەماڵەی زەنگییەکان و دیاری کردنی برینەکان و پەند لێوەرگرتنیان و دوبارە نەکردنەوەی لەکاری سیاسی و سود لێوەرگرتنی. هەروەها توێژینەوەکە گرنگە لەبەرئەوەی تیشك دەخاتە سەر ئەو رەهەندانەی کە بەئامانجەکانت دەگەیەنێ وەکو ئەوەی سوڵتان سەڵاحەددین گرتیەبەرو جێبەجێی کرد لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە قسـەکردن لەسـەر ڕووداوەکان و خسـتنە ڕوویان و شـیکردنەوەی چۆنیەتی ڕێککەوتنی سولْتان سەلاحەددین و زەنگییەکان و تێگەیشتن و ساغکردنەوەی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی زانستی و لۆژیکی ئەو سەردەمە مێژووییەی کە پێویستە زانیاریمان لەبارەیەوە هەبێت و قسەی لەسەر هەبێت و ڕوون بکرێتەوە.

## ڕێبازی توێژینەوەکە:

توێژەر لە ئامادەکردنی توێژینەوەکەدا ڕێبازی خسـتنەڕووی زانیارییەکانی پەیرەو کردووە و شـیکارو هۆکارەکان و لێکەوتەو کاریگەریەکانی خراونەتە ڕوو.

## پلانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە چەند باسێکی گرنگ لە خۆ دەگرێت وەکو هەوڵی سـولْتان سـەلاحەددین بۆ ئاشتەوایی لەگەڵ بنەماڵەی زەنگییەکان و ئەو ڕێککەوتنانەی کە بەمەبەسـتی یەکڕیزی یەکخسـتنی بەرەی موسـڵمانان ئەنجامی دا. لەگەڵ هۆکاری ڕیککەوتنەکان و لێکەوتەکانی باسـکراون و لە کۆتاییدا دەرەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراونەتە ڕوو.

گرنگترین ئەو سـەرچاوانەی لەو توێژینەوەیەدا سـودی لێوەرگیراوە وەکو پەرتووکی(سـیرة صـلاح الدين)ی (ابن شـداد، ت:632هـ/1234م) کە هاوکاتی ڕوداوەکان بووە بەژداری کارای هەبووە بەتایبەتی لە دانوسـتانەکانی سـولْتان سـەلاحەددین و زەنگیەکان . هەروەها پەرتوکی(البرق الشـامی)ی(عمادالدين الاصـفهانی،ت:597هـ/1200م) کە بە سـەرچاوەیەکی گرنگ و باوەڕپێکراو دادەنرێت کە نوسـەری سـولْتان سـەلاحەددین بووە زانیاری بەبەهاو دەگمەنی تۆمارکردووە کە سـوودێکی زۆری بە ئێمە گەیاندووە لەم توێژینەوەیە دا. پەرتووکی(الكامل فی التاريخ) ی (ابن الاثير، ت:630هـ/1232م) یەکێکی ترە لەو سەرچاوانەی لە توێژینەوەکەدا سودی زۆری لێوەرگیراوە کە باسی ڕووداوەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەیوبیەکان و زەنگیەکان دەکات و هەندێك کات ڕەخنە لە سیاسەتی سولْتان سەلاحەدین دەگرێت.

لەگەڵ چەندین سەرچاوەو ژێدەری تر کە لەلیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## تەوەری یەکەم: مێژووی زەنگییەکان و ناوو ڕەچەڵەکی سوڵتان سەڵاحەددین ئەیوبی:

### باسی یەکەم: مێژووی دەوڵەتی زەنگییەکان:

دەوڵەتی زەنگی لە ساڵی(521ك/1127ز)دامەزرا سەرەتا وەك ئەتابەکیە دەرکەوتن(ابن الاثیر،د.ت،ص35)، کە ژمارەیەك ئەتابەکی لەخۆ دەگرت ئەتابەکیەکان کۆی ئەتا بەك، ئەویش لە دوو برگە پێ: دێت(ئەتا-بەك)(اتا-بك) بەمانای(باوکی میر) کە بەرپرسی پەروەردەکردنی میرەکانی سەلجوقی بوون هەریەك لەوانە بەرپرسیارەتی میرێکی سەلجوقی لەئەستۆ بوو(القلقشندی، د.ت، 4/6؛ الجمیلي، 1970، ص27)، لە ئەنجامی ئەم ڕۆڵە ئەرێنیەدا زەنگیەکان بینیان لە بواری سیاسەت و شەڕ توانیان دەوڵەتێك بیناد بنێن کە لاپەڕەیەکی گەشاوەیان لەمێژووی ئیسلامی تۆمارکردووە، دامەزرێنەری دەوڵەتی زەنگی عیمادەدین زەنگی کوڕی ئاق سەنقەر کوڕی عە بدوڵڵا تەرغانی بوو(أبن الاثیر، د.ت، ص25-56، 34؛ الذهبي،1993، 61/37) سەرەتا پۆستی میری موسڵی وەرگرت لە ساڵی(521ك/1127ز) بە ڕەزامەندی سوڵتانی سەلجوقی مەحمود کوڕی محە مە د کوڕی مەلیکشاە(499-526ك/1105-1131ز)، پەیوەندی زەنگیەکان لەگەڵ سوڵتانەکانی سەڵجوقی باشتر بوو لە پەیوەندیان لە گە ڵ عەبباسییە کان، میری موسڵ پێویست بوو لەژێر فەرمانی سوڵتانی سەڵجوقی بێت(أبن الاثیر،د.ت،ص34) لەساڵی(522ك/1128ز) عیمادەدین زەنگی شاری حەلەبیشی خستە ژێر دەسەڵاتی، بوو بە میری موسڵ و حەلەب(أبن الوردی، 1996، 33/2)، سەرەڕای ئەوەش فراوانبوونی هزری جیهاد دژ بە خاچیەکان و ڕزگارکردنی شاری ڕوها کە یەکێك لە گرنگترین میرنشینەکانی خاچیەکان بوو(أبن الأثیر، د.ت، ص38؛ أبن العبری، 1992، 206/1)، فەرمانڕەوایەتیکردنی موسڵ و حەلەب بە میراتگری بۆ کوڕو نەوەکانی عیمادەدین زەنگی مایە وە لە دوای شەهیدکردنی لەساڵی(541ك/1146ز)، سەیفەدین غازی کوڕی بووە میری موسڵ (541-544ك/1146-1149ز)، نورەدین مە حمودی کوڕیشی بووە میری حەلەب لە (541-569ك/1146-1174ز)، لەدوای کۆچی دواییکردنی سەیفەدین غازی، قوتبەدین مۆدودی برای بووە میری موسڵ (544-565ك/1149-1170ز)(ابن الاثیر،د.ت،**ص86،96**؛ ابن العبری، 1992، 207/1؛ ابوالفداء، د.ت، 27/3؛ الیافعی، 1997، 308/3). لەدوای کۆچی دوایی کردنی ئەویش سەیفەدینی دووەم بووە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

میری موسڵ(565-576ك/1170-1180ز) لە دوای کۆچی دوایی کردنی ئەویش عزەدین مەسعودی کوڕی شوێنی گرتەوە لە ساڵی(576-589ك/1180-1193ز)(ابن الاثير، د.ت،146،181؛ ابن العديم، 1951، ص378).

سەبارە ت بە ئە تابەکیەی حەلەب نورەدین محمود توانی لەساڵی(549ك/1154ز) دیمەشق بخاتە ژێردەسەڵاتی ،لە دوای کۆچی دواییکردنی ئەو، ساڵح ئیسماعیلی کوڕی جێگەی گرتەوەلە فەرمانڕوایکردنی حەلەب (569-570ك/1174-1181ز)، تەمەنی بچووك بوو لە سەردەمی ئەودا دەسەڵاتی ئەیوبیەکان بەرەو شام کشا(أبن الاثير، 1997، 66/1؛ أبن خلدون، 1988، 300/5).

## باسی دووەم: ناو ڕەچەڵەکی سوڵتان سەڵاحەددین ئەییوبی:

ئەبو مزەفەر یوسـف کوڕی ئەییوب کوڕی شـادی(أبن خلكان، 1994، 139/7؛ أبن المنظور، 1984، 69/28)، لە سـاڵی(532ك/1137ز) لە قەڵای تکریت نزیك بەغدا لە دایك بووە(أبن خلكان، 1994، 144/7؛ ألمقريزي، 1997، 149/1)، سـەڵاحەددین لە دیمەشـق زانسـتە ئیسـلامیەکان فێر بوو، دواتریش بەهۆی پیشـەی نەجمەدین ئەییوبی باوکی لە شـاری بەعلەبەك ژیانی بەسـەر بردووە(أبن الكثير، 1993، ص736)، دەتوانین بڵێن سـەڵاحەددین سـیاسـیەکی بێ وێنەی لە باوکیەوە بۆ ماوەتەوە، لە شـێرکۆی مامیشـی ئازایەتی وەرگرتووە، و لە نێوان ئەو دووانەدا گەورە بووە، سـەلاحەدین کاریگەری نورەدین مەحمودی لەسـەر بووە کە نموونەیەکی باش بووە لە وەفا و هەسـتێکی بەرز بە بەرپرسـیارەتی ئایینی، کە وەفا و خۆبەخشـی لەوەوە فێر بووە کە چۆن لەسـەر جیهادکردن پێداگربووە(كرد علی، 1983، 41/2-45). ئەیوبیەکان لە خێڵی ڕەوادی کە لقێکە لە لقەکانی هۆزی هەزبانی لە دەورووبەری دوین کە دەکەوێتە ئازەربێجان(أبن خلكان، 1994، 139/7-140)، نازناوی فەرمی سەڵاحەددین (مەلیك ناسر سەلاحەددین یوسف)، لەلایەن خەلیفەی فاتیمی عازد(555-567ك/1160-1171ز ) پێ بەخشـرابوو(الذهبی، 2003، 890/12؛ السـیوطي، 2004، 315/1)

سوڵتان سـەڵاحەددین لە هەڵمەتی سێیەمی نورەدین مەحمود بۆ میسر بە سـەرکردایەتی شێرکۆی مامی لە ساڵی(564ك1168ز) یاوەری مامی بوو،ئەوهەڵمەتە لەسـەر داواکاری خەلیفەی فاتیمی عازد بوو، سـەلاحەددین وەك ڕاوێژکاری مامی وابوو هیچ کارێکی بەبێ ڕاوێژکاری ئەو نەدەکرد(أبو شـامە،

1997، 414/1)، ئەم هەڵمەتەش بە کوشتنی شاور وەزیری فاتیمیەکان کۆتایی هات، خەلیفە عازد وەزارەتی بە ئەسەدەدین شێرکۆ ڕاسپارد لە ساڵ(564ك/1168ز) بەڵام وەزارەتەکەی دوو مانگی نەخایاند و کۆچی دوایی کرد، و لە دوای ئەو وەزارەت بە سەڵاحەدینڕاسپێردرا(أبن عساکر، 1995، 122/57؛ الجبرتی، د.ت، 26/1؛ قلعجی، 1992،ص197-198).

سەلاحەددین ڕووبەڕووی چەند شۆڕشێکی ناخۆ بویەوە وەك شۆڕشی موئتەمەن خەلافە (564ك/1168ز)، کەنز دەولە (570ك/ 1174ز)(أبن شداد، 1994، ص98؛ أبن کثیر، 1985، 227/12)سەرەڕایی ڕێگری کردن لە هاوپەیمانی بێزەنتی و خاچییەکان کە ئامانجیان دەست بەسەرداگرتنی دومیات بوو لە ساڵی(565ك/1170ز) (أبن الاثیر، 1997، 398/11؛ علی، 1984،ص80-84) هەروەها هاوپەیمانی خاچیەکان و نۆرمان لە ساڵی(569ك/1173ز) (أبن واصل، 1957، 15/2؛ النویری، 1985، 124/26).

سەلاحەددین چەند هەنگاوێکی نا بۆ ڕووخاندنی دەوڵەتی فاتیمی کە بووە هۆی سەرکەوتنی لە بنیادنانی دەوڵەتی ئەیوبی لە میسر(أبن شداد، 1994، ص44)، بە مردنی نورەدین مەحمود زەنگی لە ساڵی(569ك/1173ز) (أبن خلکان، 1994، 187/5) ، بەرپرسیاریەتیەکی گەورە کەوتە سەرشانی سەڵاحەددین ئەویش یەکخستنی بەرەی موسڵمانان هەروەها فراوانکردنی دەسەڵاتی (البنداری، 1971، ص10؛ عزام، 2013، ص122) بەم شێوەیە سوڵتان توانی دەوڵەتی ئەیوبی دامەزرێنێ دوای ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئاستەنگەکان.

## تەوەری دووەم: هەوڵی سوڵتان سەڵاحەددین بۆ ئاشتەوایی لەگەڵ بنەماڵەی زەنگییەکان:

لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەڵاحەددین ئەییوبی لەگەڵ خاچیەکان دا ، بۆی دەرکەوت زەنگییەکانی موسڵ و حەلەب، ئامادەیی تەواویان تێدا نییە بۆ گێڕانەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خاچییەکان (یوسف، 2018، ص42)، بەبێ ئەوانیش نەیدەتوانی شەڕێکی یەکلایی کەرەوەی گەورە بکات (ابن الاثیر، 1997، 62/12؛ زکار،2011، ص100)و بەوشێوەیەش موسڵ و حەلەب دەبنە مایەی هەڕەشەو مەترسی، بۆیە بڕیاریدا بەشەڕ یان بەئاشتی فەرمانڕەوای ئەوشارانە ملکەچی خۆی بکات،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەرچەندە نەیدەویست بەرامبەر لایەنە ئیسلامییەکان هیز بەکاربهینێت، بۆیە لەسەرەتادا پەنای بردە بەر سیاسەت و قەناعەت پێهێنان، بۆی ڕوونکردنەوە کە ئەو میراتگری ڕۆحی نورەدین مەحمودە (569ك /1174ز)، ئەمەش لەلایەن موسڵمانان دانی پێدانراوەو جێگیر بووە (العرینی، د.ت، ص 59 ـ 60).

## باسی یەکەم: زەنگییەکەنی حەلەب:

## یەکەم : مەلیک ساڵح ئیسماعیل خاوەنی حەلەب:

مەلیك ساڵح کوڕی نورەدین مەحمود (569-577ك/1173ــــ1181ز)، لەدوای مردنی باوکی لە تەمەنێکی بچوکدا دەسەڵاتی گرتە دەست(ابن شداد، 1994، ص92؛ ابن فضل الله العمری،57/2002،7)، دەسەڵاتەکەی تەنها بەناوبوو، نەیدەتوانی کاروباری وڵات بەڕێوە ببات، کاربەدەستانی وڵات بە ئارەزووی خۆیان وڵاتیان بەڕێوە دەبردو سەنتەری فەرمانڕەواییان لەدیمەشقەوە گواستەوە بۆ حەلەب (تاج الدين شاهنشاه،2000، ص216-217؛ الدواداری، 197، 7/ 581 ـ 590)، سەعدەدین کەمشتەکین(ت:573ك/1117ز) کە سەرپەرشتیاری بوو (الصفدی، 2000، 276/24)، سیاسەتێکی تایبەتی جێبەجێکرد بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی و دورخستنەوەی هەژموونی سەڵاحەددین ئەییوبی لە حەلەب و بە چاوتێبڕینی موڵك و دەسەڵاتی نورەدین مەحمودو مەلیك ساڵحی کوڕی تۆمەتباری کرد( سبط ابن الجوزی، 1951، 327/8). لەڕاستیدا سەڵاحەددین ئەییوبی باش لە مەبەست و ئامانجی کەمشتەکین گەیشتبوو، بەنامەیەك هەوڵیدا نیازەکانی بۆ مەلیك ساڵح ڕوون بکاتەوەو ئامۆژگاری کرد کەوا پارێزگاری لە پەیوەندی نێوانیان بکات، چونکە بەر لە هەموان دانی بە دەسەڵاتی مەلیك ساڵح ناو وتاری هەینی بە ناوی ئەو خوێندەوە(ابن الأثیر،1997، 405/9؛ الصلابی، 2013، ص496).

مەلیك ساڵح لە هەڵسوکەوتی میرەکانی ڕازی نەبوو، بەڵام نەیدەتوانی هەژموونی ئەوان لەخۆی دووربخاتەوە (ابن العدیم، 1954، 520/2)، ئەوەتا کاتێك کەمەشتەکین نێردراوی سەڵاحەدین ئەییوبی بەناوی (عزەدین جوردیك)ی دەستگیرکرد، گوێی بەناڕەزایی مەلیك ساڵح نەدا ( ابو شامە، دت، 668/1؛ ابن خلدون، 1996، 255/5). بۆیە کارێکی سروشتی بوو؛ سەڵاحەددین ئەیووبی ڕوو

بکاتە حەلەب بەمەبەستی ڕزگارکردنی نێردراوەکەی و دەرهێنانی مەلیك ساڵح لە چنگی کەمشتەکین و گێڕانەوەی حەلەب، بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەی بەئامانجی یەکخستنی هێزە ئیسلامیەکان (ابن شداد،1994، ص39). بۆ ئەو مەبەستە سوڵتان لە (3 ی جەمادی یەکەم 570ك/3 ی کانوونی یەکەم 1174ز) گەمارۆی حەلەبی دا(عماد الدین الاصفهانی، 1997، ص180)، بەهۆی درێژە کێشانی گەمارۆدانەکە خاوەنداری حەلەب داوای ئاشتەوایی کرد، هەردولا ڕێککەوتن لەسەرئەوەی ئەو شوێنانەی لەشام کەوتۆتە ژێر دەسەلاتی سەلاحەددین ئەییوبی بۆ ئەو بێت و شوێنەکانی تر بۆ ئەوان جێ بهێلدرێت. جگە لەوە ڕزگارکردنی نێردراوی سەلاحەددین یەکێك لە خاڵەکانی ڕێکەوتنامەکە بوو، بەمەش سوڵتان ڕازی بوو گەمارۆکەی هەڵگرت( سبط ابن الجوزی، 1951، 335/8؛ ابوشامە، د.ت، 668/1؛ ابن خلكان، 1988، 167/6).

بەهۆی هاندان و کاریگەری خاوەنی موسڵ لەسەر (حەلەب)ییەکان زۆری نەخایەند سەرپێچی بەندەکانی ڕێکەوتنەکەیان کرد(البنداری، 1971، ص90ــــ91؛ ابوشامە، د.ت، 352/1؛ ابوالیمن، د.ت، 316/1). سەلاحەددین ئەییوبی بۆ جاری دووەم گەمارۆی حەلەبی دایەوە، مەلیك ساڵح داوای ئاشتەوایی لێکردو نێردراوی ناردە لای سوڵتان، دوای نامە گۆڕینەوەیەکی زۆر نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك(ابن الخمیس، 1999، 306/1). دواتر لەپیناو بەژەوەندی گشتی و نەڕژانی خوێنی موسڵمانان ڕێککەوتن(ابن فضل الله العمری، 2002، 59/27)، ئاکامی ڕێکەوتنەکەش ئەم خاڵانە بوو:

1- چاوپۆشیکردن لە جوڵانەوەکەی خاوەنی موسڵ دژ بەسەلاحەددین ئەییوبی.

2- گێڕانەوەی شارو قەلاکانی ولاتی شام ئەوانەی سەلاحەددین ئەییوبی دەستی بەسەرداگرتبوو؛ وەکو (حومص[1] و حەما) بۆ ژێر دەسەلاتی مەلیك ساڵح، تەنها شاری دیمەشق لەژێر دەسەلاتی سوڵتان دەمێنیتەوە (عماد الدین الاصفهانی، 1997، 409/9؛ ابن الأثیر، 1997، 409/9؛ ابن شداد، 1994، ص93-94).

3- هەموو ئەو دەستکەوتانەی لە گەنجینەکان چنگی کەوتووە بیگەڕێنێتەوە(ابن واصل،1957، 32/2).

سەلاحەدین ئەییوبی بەڕێکەوتنەکە ڕازیبوو؛ تەنانەت ڕایگەیاند وەکو جێگری مەلیک ساڵح لە دیمەشق حوکم دەکات (تاج الدین شاهنشاه،2000، ص218)، بۆ ئەوەی ولاتی موسڵمانان و ناوچەکە لە هەڵوەشانەوەو دابەشبوون بپارێزێ. ئەو ڕێکەوتنە هەیبەت و شکۆی بۆ زەنگییەکان لە ولاتی شام

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گەڕاندەوە، بەڵام ئەوان ڕازی بوونی سـوڵتانیان بە لاوازی لێکدایەوەو سـەقفی داواکارییەکانیان بەرزکردەوەو( ابن العبری، 2005،ص191؛ ابن واصـل،1957، 32/2) داوای ناوچەی (رەحبە)[2] یان کرد، سـوڵتان داوکاریەکەی ڕەت کردنەوە. بەو هۆیەوە زەنگییەکان هەڵمەتە سـەربازیەکانیان دەست پێکردەوە (عماد الدین الاصفهانی، 1997، ص188- 191؛ ابن واصل،1957، 32/2).

سەڵاحەددین ئەییوبی توانی لەشکری زەنگییەکان لە (19ی ڕەمەزان570ك/ 23ی نیسان 1175ز) لە دەربەندی حەما لە دۆڵی ڕووباری عاسی، کە بە شەڕی قرون حەما[3] ناسراوە تێکبشکێنێ(عماد الدین الاصـفهانی، 1997، ص188ـــ191؛ الذهبی،2003، 238/12)، لە ئاکامی شـەڕەکەدا ژمارەیەك سـەرکردەی بە دیل گرت و تا حەلەب بەدوای سـوپاکەیانەوە بوو، دووبارە حەلەبی گەمارۆ دایەوە، بۆیە مەلیک سـاڵح داوای دانوسـتانی کرد(ابن شـداد،1994، ص94)، ئەوەبوو لە سـەر چەند خاڵێك ڕێککەوتن:

1- وتاری هەینی بەناوی سوڵتان سەڵاحەددین ئەییوبی دەخوێندرێتەوە لە جیاتی مەلیك ساڵح (ابن شاهنشاه، 2000 ، ص219).

2- مانەوەی دەسـەڵاتی سـەڵاحەددین لە ناوچەکاندا (ابن الاثیر،1997، 410/9؛ ابن شـداد، 1994، ص94).

3- ئەو ناوچانەی لەژێر دەسـەڵاتی سـەڵاحەددین و زەنگییەکاندایە هەروەك خۆیی دەمێنێتەوە (ابن الاثیر،1997، 409/9ـــ410؛ ابن شـداد، 1994، ص94؛ الصلابی، 2018، ص 362ـــ363)، بەڵام سەڵاحەددین ڕازی نەبوو تا ناوچەی(المعره، کفر طاب(طلبی)) خرایە سەر(ابن شداد، 1994، ص94؛ ابن العبری، 2005، ص191).

لەڕاستیدا سەڵاحەددین نیازی باشی بەرامبەر مەلیك ساڵح هەبوو، ئامادەیی نیشاندا کە بە دڵسۆزی خزمەتی بکات، بەڵام ئەو هەوڵانەی بۆ لێکگەیشتن ڕەتکردەوە (نغش، د.ت، 200/56)

## دووەم: ڕێککەوتنی ساڵی(572ك/1171ز):

سەرکەوتنی سـەڵاحەددین لە شـەڕی قرون حەمادا (ابن المنظور، 1984، 69/28). کۆتایی بەکێشـەی نێوان ئـەییوبی و زەنگییـەکان نـەهێنا، بـەڵکو سـەیفەدین غـازی دووەم (565 - 576ك/ 1169-1180ز) خاوەنی موسـڵ بیری لە تۆڵە کردەوە (ابن کثیر، 1993، 393/7)، هەر بۆ ئەم مەبەسـتەش

پلانێکی سەربازی دارشت بۆ گەمارۆدانی ئەو ناوچانەی؛ کە سەڵاحەددین دەستی بەسەر داگرتبوو، لە چوار لاوە کاری بۆ سەرکەوتنی پلانەکەی کرد:

1- نامەی بۆ میرەکانی حەلەب ناردو گلەیی لێکردن، کە زوو ڕێکەوتنیان لەگەڵ سەڵاحەددین کردووە، داوای هاوکاری و هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنەکەی لێکردن دژ بە سەڵاحەددین(ابن العبري، 2005، ص192؛ ابن واصل،1957، 36/2).

2- داوای هاوپەیمانی لە ریمۆندی سێیەم (547ـــ583ك/1152ـــ1182ز) حوکمداری تەڕابلوس[4]و وەسی مەملەکەتی قودس کرد دژ بە سەڵاحەددین( عماد الدين الاصفهانی، 1997، ص 191 ـــ 192؛ ابن واصل،1957، 36/2).

3- سەیفەدین غازی دووەم هەوڵیدا لە مەبەستەکانی سوڵتان تێ بگات، لەم پێناوەدا نێردراوێکی نارده لای، گوایە بۆ ئەوەیە پەیمانی لێ وەرگرێ، بەڵام نێردراوەکە بە هەڵە ئەو نامەیەی دەرهێنا، کە سەیفەدین بۆ میرەکانی حەلەبی نووسی بوو، سەڵاحەددین نامەکەی خوێندەوەو بۆی دەرکەوت کە ئەوان خۆیان بۆ شەڕ ئامادە کردووە، بەو شێوەیە پیلانەکەی دەسەڵاتداری موسڵ ئاشکرا بوو(عماد الدين الاصفهانی، د.ت، ص195 ـ 196؛ ابوشامە، 1997، 395/2؛ ابن واصل،1957، 36/2).

سەیفەدین غازی دووەم و سوپاکەی لە ڕووباری فورات پەڕینەوە بۆ ناوچەی بیرە[5]و داوای هاوکاری لە کەمشتەکین و مەلیك ساڵح کرد، لە سەر ئەوە ڕێککەوتن کە دەسەڵاتداری موسڵ بەرەو حەلەب بچێ و لەوێ کۆببنەوە (ابن الاثير، 1997، 415/9ـ416؛ ابن شداد،1994، ص41؛ ابن العديم 1954، 523/2ـــ524)، لە کۆبونەوەکەدا بڕیاریاندا سوپای حەلەب بچێتە پاڵ سوپای موسڵ، بەرەو دیمەشق بەرێکەوتن (ابن واصل،1957، 38/2)، یارمەتی و پشتگیری لە میسرەوە گەیشتە سوڵتان سەڵاحەددین لە تل سلطان[6]، هەردوولا ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوەو شەرەکە بەسەرکەوتنی سوڵتان سەڵاحەددین کۆتایی هات و هەندێك لە سەرکردەکانیشی بەدیل گرتن، بەڵام ئازادی کردن(عماد الدين الاصفهانی، 1997، ص 202ـــ 205؛ ابن شداد، 1994، ص95)، لە پێناو هێنانە دی ئاشتی و ڕێگرتن لەوەی خاچیەکان سوود لە بارودۆخە وەرگرن، هەر دوولا بە پێویستیان زانی دانوستان بکەن، لە(موحەڕەمی572ك/تەمموزی1179ز) رێککەوتن (عماد الدين الاصفهانی، د.ت، ص202 -205، ابن

الاثير، 1997، 9/418- 419؛ ابن شـــداد، 1994، ص 42؛ ابن واصـــل،1957، 46/2). لەســەر ئەم خاڵانەی خوارەوە.

1- هەر دوو لا یەك دەست بن لە بەرامبەر خاچیەکاندا.

2- دەبێت هەموان هەڵوێست وەرگرن دژی ئەوەی ڕێکەوتنەکە هەڵدەوەشێنێتەوە.

3- نابێت هیچ کام لە لایەنەکان ڕێکەوتنەکە هەڵبوەشـــێنێتـەوە ( ابن الاثير، 1997 ، 37/9؛ ابن العديم،1951، ص372 ـ 373؛ ابن شداد، 1994، ص50 ـ 51).

4- "هەرلایەنێك ڕێکەوتنەکەی هەڵوەشـــاندەوە یان جێبەجێی نەکرد ئەوا هەموو ئەوانی دیکە دژی دەوەســتن تاوەکو پابەند دەبێت بە ڕێکەوتنەکە... " (البنداری، د.ت، ص217ـــــ 218؛ ابوشـامە، د.ت، 669/1).

5- سەڵاحەددین دەست لە قەڵای عەزاز[7] هەڵدەگرێ بۆ مەلیك ساڵح (ابوشامە، د.ت، 669/1).

## باسی دووەم :زەنگییەکانی موسڵ:

## یەکەم:دانوستانی یەکەمی موسڵ:

ئەو گۆڕانکاریە ســیاســیانەی، لە دوای مردنی مەلیك ســاڵح لەســاڵی (577ك/1181ز) (البنداری، د.ت،79/1)، لە شام و جەزیرەو موسڵ ڕوویاندا ، وای لە سەڵاحەددین کرد میسر بەجێبێڵێ و ڕوو لە شـــام بکات تا لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکان بێ، بتوانێ کۆنترۆڵی بارودوخەکە بکا، چونکە مەلیك سـاڵح حەلەبی ڕادەسـتی خاوەنی موسـڵ عزەدین مەسـعودی(571-589ك/1181-1193ز) ئامۆزای کرد، ئەویش بەرامبەر شەنگال دابووی بە عیمادەدین زەنگی برای (ابن شاهنشاه، 2000، ص224؛ ابن العبری، 2005، ص197)، شـــکاندنی پەیمانەکە لە لایەن عزەدین ســـەبارەت بە حەلەب و ناوچەکانی دەوروبەری، کە بە بڕیاری خەلیفە دەبوو لەژێر دەسەڵاتی سوڵتان دابێت، بەڵام ئەو بە (عیمادەدەین)ی برای دابوو(ابن واصـل،1957 ، 94/2-95؛ حمادە،1985، ص303)، ئامادەنەبوونی عزەدین مەسـعود بۆ چوونە ژێر باری ســوڵتان کۆســپێکی گەورەبوو لەبەردەم بەدیهێنانی ئامانجەکانی، پێویســت بوو ملکەچ بێت؛ کە هۆکاری تیکدانی یەکخســتن و یەکگرتوویی بەرەی ئیســلامی بوو ( ابن شــاهنشــاە الایوبی، 1968، ص60ـ61؛ صلابی، 2008، ص275ـ 276).

سوڵتان سەلاحەددین لە ساڵی (578ك/1182ز) موسڵی گەمارۆدا، زەنگییەکانی موسڵ نێردراویان ناردە لای خەلیفە(ناسر لدین الله 577-623ك/ 1180-1225ز) بۆ نێوەندگیری (مؤلف مجهول، 2010، ص118 ؛ابن العبری، 2005، ص198؛ ابن العماد الحنبلی، 1986، 427/6)، خەلیفەش سەدرەدین (شێخی شێخان)ی ڕاسپارد تا نێوەندگیری لە نێوان هەردوولا دابکات، هەروەها بەکتەمەر کوڕی سوقمان خاوەنداری خەلات[8] داوای لە سوڵتان کرد دەست لە موسڵ هەڵگرێ ( ابن الاثیر، 1997، 465/9؛ ابن شداد،1994، ص37). سەلاحەددین هەستی بەشەرمەزاری دەکرد ترسا بەهۆی چاوتێبڕینی دەسەڵاتی موسڵ پلەو پیایەی وەکو جەنگاوەر لەپێناو خوا (مجاهید) لە دەست بدات، بۆیە دانوستانیان کردو ئاشتەواییان بڕیارداو داواکاری ڕێکەوتنەکە پێکهاتبوو لە:

ـــ گەڕاندنەوەی ئەو شوێنانەی، کە سەلاحەددین دەستی بەسەر داگرتبوو لە بەرامبەر بەخشینی حەلەب، بەڵام خاوەنداری موسڵ ڕەتی کردەوە خیانەت لە عیمادەدین زەنگی برای خاوەنی حەلەب بکات، سەلاحەددین پێداگربوو لە سەر مانەوەی لە حەلەب، عزەدین بەڵێنی دا ئەگەر مەترسی هەبێ لە سەری کۆمەکی بکا، بەم شێوەیە نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك ( ابن شاهنشاه الایوبی، 1968، ص108).

لە دوای کۆنترۆڵکردنی جەزیرە لە ساڵی (579ك/1183ز) سەلاحەددین لە حەلەب نزیك کەوتەوە، بڕیاری دا ئەو شارە بخاتە ژێردەستی، ئینجا دەست بەسەر موسڵ دابگرێ، (ابن واصل،1957، 136/2)، لە(26ی موحەرەمی 579ك/21ئایاری 1183ز) گەیشتە نزیك شاری حەلەب و چەند ڕۆژێك لە چیای جۆشن مایەوە، وای نیشاندا کە خانوو بۆ سوپاکەی دروست دەکات، بۆئەوەی خاوەنی شارەکە ناچاربێت خۆی بەدەستەوە بدات و شەڕ ڕوونەدات و خوێن نەڕژێت (ابن شاهنشاه الایوبی، 1968، ص141ــــ142؛ سبط ابن الجوزی،1951، 375/8؛ ابن العدیم، 1954، 65/3ــــ66). کاتێك گەمارۆدانی شارەکە زۆری خایاند عیمادەدین زەنگی دووەم درکی بەوە کرد، کە ئەو توانا داراییەی نییە بۆ بەردەوام بوون لە پاراستنی شارەکە، بۆیە داوای دانوستانی کرد، ئامادەیی نیشاندا لە ڕادەستکردنی شارەکە(مؤلف مجهول2010 ، ص123؛ ابن العبری، 1992، ص219)، لە ئاکامی دانوستانەکەدا لەسەر چەند خاڵێك ڕێککەوتن:

1- عیمادەدین زەنگی شاری حەلەب ڕادەستی سەلاحەددین دەکات.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2- شـاری رەقە(9) دەدرێتە حوسـامەدین کوڕی تومان لەبەر ئەوەی نێوەندگیری نێوان هەردوو لایەن بوو( ابو شامە،165/1997،3،158؛ ابن سباط، 165/1993،1).
3- سەڵاحەددین دەست هەڵدەگرێت لە شەنگال(10) و خابور(11) و نسێبین (12) و سروج(13) بۆ عیمادەدین زەنگی.
4- عیمادەدین زەنگی سوپای خۆی دەخاتە خزمەتی سەڵاحەددین لەکاتی پێویست ابن الاثیر، 1997، 472/9ـ 473).

دوای ڕێکەوتنەکە سەڵاحەددین لە(17ی سەفەری579ك/ 18ی حوزەیرانی 1183ز) چووە ناوشاری حەلەب، پێشـوازی لێکرا(ابن الاثیر، 1997، 472/9ــــ 473؛ ابن واصـل، 1957، 142/2؛ ابن العدیم، 1954، 551/2ــــ557؛ ابن فضـل الله العمری، 2002، 76/27). حەلەب بۆ سـەڵاحەددین زۆر گرنگ بوو، بۆیە بە گرتنی حەلەب سـولتان بە تەواوی ئارام و دڵنیا بۆوە لە ئامانجەکانی، دووپاتی کردەوە کەوا ئێستا موڵک بۆی جێگیر بووە(ابن العبری، 2005، ص201)، هەرچی زەنگییەکان بەناچاری شاری حەلەبیان ڕادەستی سەڵاحەددین کرد، بۆ ئەوەی مەترسی لەسەر موسڵ کەم بکەنەوە، بەو شارە ڕازی بکەن، بەڵام ئەمە بووە ڕێگا خۆشکەر بۆ سەڵاحەددین بۆ ئەوەی دەست بەسەر موسڵیش دابگرێ.

## دووەم: دانوستانی دووەمی موسڵ:

ڕووداوو گۆڕانکاریەکانی شـاری موسـڵ وای لە سـەڵاحەددین کرد بۆ جارێکی تر دەسـت لەکاروباری شـارەکە وەربدات، عزەدین مەسـعود بەفرمانی میرەکانی؛ قایمازی جێگری زیندانی کرد، کە ئەو کات هەولێرو شـارەزوورو داقوقاو جەزیرەی لەژێر دەسـت دابوو، بەم هەڵوێسـتەی خاوەنداری هەولێرو جەزیرەی ئیبن عومەر لەرقی عزەدین چوونە پاڵ سـولتان؛ بەمەش هەڵوێسـتی عزەدین لاواز بوو(ابن الاثیر، 1997، 475/9 – 476؛ ابو شـامە، 1997، 198/3). قازی بەهائەدین ئیبن شـەدادی ناردە لای خەلیفەی عەبباسی لە (مانگی شەوالی 579ك/ کانوونی دووەمی 1184ز) داوای لێکرد بێتە نێوانیان و نێوەندگیری بۆ بکات (1994، ص 111ــــ 112)، خەلیفە نیردراوی ناردە دیمەشـق بۆلای سـولتان سـەڵاحەددین، بۆ چارەسـەرکردنی کێشـەو گرفتەکان (ابن شـداد، 1994، ص 111ــــ 112؛ الرهاوی، 1986، 227/2؛ ابن خلدون، 1996، 204/5). بەڵام ئەنجامێکی نەبوو، چونکە مەرجی سـولتان بریتی بوو لەوەی میری هەولێرو جەزیرەی ئیبن عومەر ئازاد بن لەوەی بچنە پاڵ سـەڵاحەددین یان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فەرمانڕەوای موسڵ، بەڵام عزەددین مەسعود ئەو مەرجەی ڕەتکردەوەو ڕازی نەبوو، لەبەرئەوەی هەردوو شارەکە سەر بەموسڵ بوون، نێردراوەکە بەبێ هیچ دەستکەوتێك گەڕایەوە (ابن الاثیر، 1997، 479/9؛ ابن شداد، 1994، ص112؛ ابن واصل، 1957، 155/2ـ 156).

سوڵتان سەلاحەددین و لەشکرەکەی بەرەو موسڵ کەوتنە ڕێ، لە (ڕەبیعی یەکەم581ك/ حوزەیران 1185ز) دا گەیشتە نزیك موسڵ و گەمارۆی دا، میری هەولێرو جەزیرە چوونە پاڵی، نامەیەکی بۆ خەلیفە نارد ئاماژەی بەوە دابوو، کە خەڵکی موسڵ وتار بەناوی سوڵتانی سەلجوقی کە نەیارو دوژمنی خەلیفەیە دەخوێننەوە (ابن واصل، 1957، 166/2؛ ابن کثیر، 1988، 386/2)، لەنوسراوێکی قازی فازل بۆ خەلیفەی عەبباسی باسی خەڵکی موسڵ دەکات: " ...خزمەتکار (سەلاحەددین) کەوتاری ڕۆژی هەینی دەکاتە بەڵگە کەتێیدا ناوی دەرکراوانی بارەگای خەلیفە لەبڕی خەلیفەی عەبباسی دەهێنرێت..."(عماد الدین الاصفهانی، 1987، 58/5) سکە بەناوی ئەو لێ دەدەن، پەیوەندیان لەگەڵ خاچیەکاندا هەیەو داوایان لێدەکەن هێرش بکەنە سەر وڵاتی موسڵمانان(ابن واصل، 1957، 166/2)، بۆیە دەیەوێت ئەو شارە بگەڕێنێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی و ڕکێفی خەلیفە( ابن شداد، 1994، ص116 ـ 117).

لەو کاتەدا فشارێکی زۆر لەسەر عزەدین مەسعود هەبوو، بۆیە جارێکی دیکە داوای دانوستان و ڕێکەوتنی کرد، بۆ ئەم مەبەستە شاندێك کە پێکهاتبوو لە دایکی و ئامۆزاکەی(کچی نورەدین مەحمود)و هەندێك ئافرەتی دیکەی ناردە لای سوڵتان سەلاحەددین بۆ ئەوەی ڕێك بکەون دەست لە گەمارۆدانی موسڵ هەڵبگرێت (ابن العبری، 2005، ص203؛ ابو الفداء، د.ت، 69/3؛ ابن خلدون، 1996، 204/5)، سوڵتان ڕاوێژی بە میرەکانی کرد، لەوانە فەقێ عیساو عەلی کوڕی ئەحمەد مەشتوبی هەکاری ،بە سوڵتانیان ڕاگەیاند: "ئەگەر عیزەدین مەسعود توانای بەرگری هەبوایە، ئافرەتی نەدەنارد بۆ ڕێکەوتن" ( ابن الاثیر، 1997، 10/ 6ـ5؛ ابن خلدون، 1996، 204/5).

سەلاحەددین بەردەوام بوو لە گەمارۆدانی شارەکە، بەڵام هەندێك هۆکار بوونە هۆی دەست هەڵگرتن لێی وەکو:

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1ـ دوای ئەوەی سەڵاحەددین داواکاری ئافرەتەکانی ڕەتکردەوە، دانیشتوانی شارەکە بە (ناکر الجمیل) وەسفیان کردو بریاری شەڕیاندا، لە ڕۆژهەڵاتی شارەکە دەهاتنە دەرەوەو شەڕیان دەکردو دەگەڕانەوە ناو شار ئەوەش ببوە مایەی بێزاری سەڵاحەددین.

2ـــ دەروازەو قوڵەو شوراکانی شار قاییم و نۆژەن کرابوونەوە، ڕەوشی سەربازانی گەمارۆدراو باش بوو.

3ـ بەرزی پلەی گەرمای هاوین، بۆیە بڕیاری دا بوەستێ تاوەکو هاوین کۆتایی دێ.

4ـ لە میانی گەمارۆدانەکە فەرمانڕەوای خەڵات کۆچی دوای کرد، خەڵکەکەی بە دوای سوڵتانیان ناردو هەروەها نورەدین محەمەد کوڕی قەرە ئەرســەلان فرمانڕەوای ئامەد(14) وحســنکیف(15) کۆچی دوای کرد (ابن شاهنشاه الایوبی، 1968، ص217؛ ابن العبری، 1992، 22/1؛ ابوالفداء، د.ت، 69/3).

## سێیەم:دانوستانی سێیەمی موسڵ:

دوای ئەوەی ســوڵتان ســەڵاحەددین شــاری میافارقینی(16)خســتە ژێر دەســەڵاتی خۆی، لە (581ك/1185ز) ڕویکردە موسڵ و گەیشتە زومار(17) ، بڕیاریدا وەرزی زستان لەوێ بەسەر بات بە مەبەســتی بێزارکردنیان و لاوازکردنی ورەیان، بەڵام لەو کاتەدا نەخۆش کەوت و چووە حەڕان(18)، عزەدین مەســعود ئەوەی بە دەرفەت زانی و دووبارە هەوڵی ڕێکەوتنی دا(ابن شــداد، 1994، ص٤٥؛ ابن واصـل، 1957، 170/2-172)، قازی بەهائەدین ئیبن شـەدادو بەهائەدین رەبیبی نارد، پێی گوتن هەموو تواناتان بەکاربهێنن. ئیبن شـەداد دەڵێت: " گەیشـتین بە سـوڵتان لە (سـەرەتای مانگی زیلحجە سـاڵی 581ك/ مارسـی 1185ز)، ڕێزێکی زۆری لێگرتین و لەگەڵمان دانیشـت و یەکەم دانیشـتنی بوو دوای نەخۆش کەوتنی، لە ڕۆژی عەرەفە سـوێندی خوارد، مەلیك عادلی برایشـی سـوێندی خوارد تا وەکو زیندووبن لەسەر ئەم ئاشتیە بەردەوام دەبن" (1994، ص70).

لە ئاکامدا ڕێکەوتنەکەی نێوانیان مۆرکراو ئەو خاڵانەی لە خۆگرتبوو:

1- شارەزور(19) و قەڵاو ناوچەکانی هەروەها گشت ناوچەکانی پشت ڕووبار دەخرێنە ژێر دەسەڵاتی سەڵاحەددین.

2- عزەدین مەسعود وەکو دەسەڵاتداری موسڵ و دەوروبەری دەمێنێتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3- وتار بەناوی سولتان سەلاحەددین لە مزگەوتەکانی موسڵ و دەوروبەری دەخوێنرێتەوە، پارەش بەناوی ئەو لە سکە دەدرێ.

4- عزەدین مەسعود بەڵێن دەدات بە چەك و سەربازو ئازوقە کۆمەکی سەلاحەددین بکات لە شەڕی دژ بە خاچیەکان (ابن المستوفی،1980، 526/2؛ ابن خلكان، د.ت، 172/7؛ ابوالفداء، د.ت، 69/3؛ ابن تغری البردی، د.ت، 30/6).

هەموو ئامانجێکی سولتان سەلاحەددین ئەوە بوو بەرەی موسڵمانان یەك بخات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خاچیەکان، بەڵام زەنگییەکانی موسڵ ڕێگر بوون لە بەردەم ئاواتەکەی، بۆیە هەموو هەوڵێکی دا بە شەڕ یان ڕێکەوتن بیخاتە ژێر فەرمانڕەوایەتی خۆی و سوود لە هێزو دەسەڵاتی ئەوانیش وەربگرێ.

## تەوەری سێیەم: ڕێککەوتنی سولتان سەلاحەددین لەگەڵ بنەماڵەی زەنگییەکان و هۆکارو لێککەوتەکانی:

### باسی یەکەم: هۆکاری ڕێککەوتنی سولتان سەلاحەددین لەگەڵ بنەماڵەی زەنگییەکان:

**یەکەم:** داواکردنی ئاشتەوایی لە لایەن ساڵح ئیسماعیل بەهۆی سەرکەوتنی سەلاحەددین لە شەڕی قرون حماە (570ك/ 1175ز)، کە بووە هۆی جێگیربوونی لە وڵاتی شام و هەروەها وەرگرتنی، نازناوی (پاشای میسر و شام)ی لەلایەن خەلیفەوە پێدرا، دان نان بە دەسەڵاتی بەسەر ئەو ناوچانەوەو ناوهێنانی لە مینبەرەکان و لێدانی دراو بەناویەوە بووە هۆی داواکردنی ئاشتەوایی (العماد الأصفهانی، 1997، ص191- 192).

**دووەم:** هەردوو لایەن (زەنگی – ئەیوبی) بە پێویستیان زانی، دانوستان بکەن بۆ بەرقەرار بوونی ئاشتی و ڕێگریکردن لە خاچیەکان بۆ سوود وەرگرتن لەو بارودۆخە، هەروەها پاراستنی دەسەلاتی خۆیان و خزمەتکردنی بەرژەوەندی موسوڵمانان بە گشتی بووە هۆی ئەوەی سەیفەدین غازی داوای ئاشتەوایی و ڕێککەوتنی کرد.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**سـێیەم:** عیمادەدین زەنگی دووەم داوای ئاشـتـەوایی و ڕێکەوتنی کرد، بەهۆی درێژەکێشـانی گەمارۆدانی حەلەب لەلایە سـەڵاحەددین، زۆربوونی خەرجی ڕۆژانەی سـەربازەکانی، کاتێك سـەربازەکان داوای زیادکردنی خەرجیان دەکردو عیمادەدین داوای لێبوردنی کرد کە لەتوانای دا نیە ئەو خەرجیە زۆرە دابین بکات، ئەمە بووە هۆکار بۆ دانوستان و ڕێکەوتن لەسەر ڕادەستکردنی شاری حەلەب (ابن الاثیر، 1997، 472/9ـــ 473؛ ابن العدیم، 1954، 551/2ـــ 557؛ ابن واصل، 1957، 142/2).

**چوارەم:** لەکاتی گەمارۆدانی شـاری موسـڵ لە سـاڵی (579ك/1183ز) عیزەدین مەسعود یەکێك لە میرە گەورەکانی بەناوی مجاهیدەدین قایماز زیندانی کرد، کە ناوچەکانی هەولێر، شـارەزوور، داقوقاو قەڵای ئاکرێ (عقر الحمیدیە)ی لە ژێر دەسـەڵات بوو، نوێنەرانی قایماز لەو شـوێنانە هەندێکیان هاتنە پاڵ سەڵاحەددین، بە تایبەتی هەولێرو جەزیرەی ئیبن عومەر، بەمەش هەڵوێستی عیزەدین مەسعود لاوازبوو، بۆیە بەناچاری داوای ئاشتەوایی کرد (ابن الاثیر،9،1997/475ـــ476؛ ابن شداد، 1994، ص111ـ 112).

**پێنجەم:** لەگەمارۆدانی سـێیەمی موسـڵ(582ك/1186ز) عیزەدین مەسـعود هەوڵەکانی چڕکردەوە بۆ دووبارە لەیەکگەیشتن و بێزاربوو لەپشتگیری خەلیفە بۆ سەڵاحەددین، بۆیە داوای ئاشتەوایی و ڕێکەوتنی کرد (ابن واصل، 1957، 154/2ـ 157؛ ابوشامە، د.ت، 153/3).

## باسـی دووەم: کاریگەری و لێکەوتەکانی ڕێککەوتنی سـوڵتان سـەڵاحەدین لەگەڵ بنەماڵەی زەنگییەکان:

**یەکەم:** یەکێك لەکاریگەری و لێکەوتەکانی ڕێککەوتنی سـوڵتان سـەڵاحەددین لەگەڵ بنەماڵەی زەنگییەکان یەکگرتوویی و ڕێکخسـتنی بەرەی موسـڵمانان بوو. کاتێك سـەڵاحەددین لەگەڵ فەرمانڕەوای حەلەب ڕێککەوت، نامەیەکی بۆ مەلیك عادلی برای ناردو مژدەی فەتح کردنی حەلەب پێی داو بە نوسـراوی قازی فازل دەڵێت: "ئەو پەرتەوازەییەی هەبوو ڕێکخرا، باوەڕدار بڕوای بە براکەی زۆر بوو، ئاژاوە نەماو ئاگرەکە دامرکایەوە..." (ابو شـامە، 1997، 160/3-161؛ ابن شـداد،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

د.ت، ص162). لە دەقێکی تری نامەکەدا هاتووە: " مەرجمان لەسەر دانان شان بەشانی ئێمە جیهاد بکەن بە هەموو پێداویستییەکانیانەوە. لەکاتی خۆیدا، لەگەڵمانبن؛ کە ڕووبەڕووی دوژمن دەبینەوە ... سەربازەکانی بێنە پاڵ سەربازەکانی ئێمەو ئەو ئایەتەی خودای گەورە جێبەجێ دەکەین کە دەفەرموێ(( وَقَاتِلُوا الْمُشْرِكِينَ كَافَّةً كَمَا يُقَاتِلُونَكُمْ كَافَّةً )) ﴿٣٦﴾ التوبة: 36 واتا ((دژی موشریکە شەڕەنگێزەکان هەمووتان بجەنگن بەگشتی هەروەکو ئەوان دژی ئێوە دەجەنگن)) "(ابو شامە، 1997، 161/3-162).

**دووەم:** سوڵتان سەلاحەددین لە ڕێککەوتنی لەگەڵ زەنگییەکان توانی ئامانجەکانی بەدی بێنێ، بەوەی دەسەڵاتی بەسەر تەواوی ناوچەکانی شام دا بگرێ و گەمارۆی میرنشینە خاچیەکانی دا لەگشت لایەکەوە. لە نامەیەکدا بۆ خەلیفەی عەبباسی دەڵێت: " کاروبار بە ڕێك و پێکی ناڕوا بەڕێوە بە یەکگرتویی نەبێت"(ابو شامە، 1997، 179/3؛ سالم، 2004، ص114)، ئەم کاریگەریەش لەوەدا دەردەکەوێت، کە عزەدین مسعود فەرمانڕەوای موسڵ هاتە پاڵ سوڵتان سەلاحەددین و وەڵامی دایەوەو بەدەم داواکاریەکەوە چوو بەسەربازو چەکەوە و ڕۆڵێکی کارای هەبوو لەشەڕ کردن دژ بەفەرنجەکان لە هەموو شەڕەکانی نێوان ساڵانی(583-588ك/1187-1192ز) (سالم، 2004، ص115).

**سێیەم:** جێگای ئاماژەیە کە لە نوسراوەکانی قازی فازل بۆ بەغداد بە ناوی سوڵتانەوە دەڵێت: " حەلەبیەکان و موسڵیەکان چەکەکانیان داناو هاتنە ژێر بارمان، لە دوای ئەوە ناوچەکان کەوتنە ژێر دەستمان، بەکارهێنانی سەربازە حەلەبیەکان لە شەڕی دژ بە کوفر ئێمەش ئەمانەتمان پێشکەش کردن... "(ابو شامە، 1997، 274/1). پێمان وایە ئەنجام و لێکەوتەکانی ڕێککەوتنەکانی سوڵتان سەلاحەدین لەگەڵ هێز و لایەنە ئیسلامیەکان لێکەوتەی ئەرێنی هەبوو بۆ ئەیوبیەکان بە تایبەتی و بۆ موسڵمانان بە گشتی، پاراستنی موسڵمانان لە شەڕی ناوخۆیی و یەکخستنی بەرەی موسڵمانان دژ بە خاچیەکان بووە هۆی سەرکەوتن لە شەڕی حەتین(583ك/1187ز) و ڕزگارکردنی قودس.

**چوارەم:** یەکێکی تر لە لێکەوتەکانی ڕێککەوتنی لەگەڵ موسڵ ئەوەبوو لە زۆربەی ناوچەکانی جەزیرەو دیاربکر شوێنکەوتەی هەبووەو وتاریان بەناوی سوڵتان سەلاحەددین و دراویان بەناوی ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێداوەو شـکۆداربوو. پێداگری لەسـەر جیهاد لە پێناو خودا بووە هۆی نەهێشـتنی بەربەسـت و بەرزکردنەوەی ڕێگریەکان (ابن شـاهنشـاه الایوبی، د.ت، ص225 ؛ ابو شـامه، 1997، 236/3)، هەروەها ئەبو شـامە ئاماژە بەو ڕێککەوتنە دەکات و دەڵێت: " یەکەم بەرەکەتی ئەم ڕێککەوتنە ڕزگارکردنی بەیتولمقدس و گشت ناوچەکان و نوێبوونەوەی فەتحەکان بوو.... "(1997، 241/3).

**پێنجەم:** لە کاریگەری و لێکەوتەکانی ڕێککەوتنی سـولتان سـەلاحەددین لەگەڵ هێزو لایەنە ئیسـلامیەکان؛ ڕزگارکردنی بەیتولمقدس بوو، لە دوای ئەو ڕزگارکردنە شـکۆی سـولتان سـەلاحەدین بەرزبوویەوەو لە گشـت ناوچەکان پیرۆزبایی بۆ هات، بووە هۆی دانانان بە گەورەیی سـەلاحەددین و نزیکبوونەوەی ناوچەکان لە یەکتر ( ابو شامە، 1997، 415/3).

**شەشەم:** شایانی باسە سولتان سەلاحەددین لەکاتی دەست بەسەرداگرتنی حەلەب باجەکانی لادا، ئیبن کەسـیر ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت:" دڵم زۆر خۆش بوو بە ڕزگارکردنی قەڵای حەلەب، لەوە دڵخۆشـکەرتر ئەوەبوو باجەکانی لەسەر خەڵکی حەلەب و گشـت ناوچەکانی جەزیرەو شام و میسر هەڵگرت"(1988، 384/12). دڵخۆشـکردنی خەڵکی و سـووککردنی ئەرکی سـەرشـانیان بەهەڵگرتنی باجەکان بە یەکسانی لە گشت ناوچەکان بەبێ جیاوازی لە کارە گرنگەکانی سولتان سەلاحەددین بوو.

## ئەنجام:

لە دەرەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەو خالانەی خوارەوە:

1ـــــ سـولتان سـەلاحەددین بۆی دەرکەوت کە ناتوانێ لە یەك کاتدا لە دووبەرە دژ بە خاچییەکان و زەنگییەکان شـەڕبکات. بۆیە لەسـەرەتادا هەوڵی دا بەهەر شـێوەیەك بێت یەکگرتوویی و یەکڕیزی بەرەی موسڵمانان دروست بکات لە پیناو هینانەدی ئامانجەکانی.

2ــــ فراوانبوونی دەسـەڵاتی سـولتان سـەلاحەددین و ملکەچ بوونی زەنگییەکان بۆ بڕیارەکانی بەتایبەتی لە دوای شـەڕی قرون حەماو تەل سـولتان، وایکرد زەنگییەکان دان بە دەسـەڵاتی سەلاحەددین بنێن و وتاری بەناو بخوێننەوەو سکەی بەناو لێبدەن.

3ـــــ گرنگی یەکڕیزی و یەکخستنی بەرەی موسڵمانان هەنگاوی یەکەمی سەلاحەددین بوو، بۆ ڕزگارکردنی خاکە داگیرکراوەکان و ڕزگارکردنی قودس و وەستان دژ بە خاچییەکان.

4ـــ زیندووکردنەوەی دروشمی جیهادو سوود وەرگرتن لە سوپای زەنگییەکان، کە بەژداری کارایان هەبوو لە شەڕەکانی سوڵتان دژ بە خاچیەکان و هۆکاربوون بۆ سەرکەوتنی سوڵتان لە شەڕی حەتین و ڕزگارکردنی ناوچەکانی موسڵمانان و قودس بە تایبەتی لە ساڵی(583ك/1187ز).

## پەڕاوێزەکان:

1- حمص: شارێکی بەناوبانگی وڵاتی شامە، دەکەوێتە نێوان دیمشق و حەلەب لایەکی قەلایەکی پتەوی لێیە، لەسەر گردێکی بەرز (الحازمی الهمدانی، 1994، 383/1؛ یاقوت الحموی، 1995 ، 302/2).

2- رەحبە: گوندێك بوو لەگوندەکانی دیمشق، ماوەی نێوانیان ڕۆژێکەو ناوچەیەکی ئاوەدانە(التطیلی،2002، 289/1؛ یاقوت الحموی،1995، 33/3).

3- قرون حما: چیایێکە بەسەر حەمادا دەڕوانێت و لەسەر ڕووباری عاسی ( یاقوت الحموی، 1995، 33/3).

4- تەڕابلوس: طرابلس یان أطرابلس شارێکی بەناوبانگی کەناراوەکانی بەحری شامە دەکەوێتە نێوان لازقیەو عەکا (یاقوت الحموی،1995، 2016/1؛ ابن شمائل، 1991، 882/2).

5- بیرە: البیرە ناوچەیەکی نزیك سمیساتە دەکەویتە نێوان حەلەب و سنوری ڕۆم، قەلای پتەوی تێدایە (یاقوت الحموی،1995 ، 526/1).

6- تل سلطان: نێوانی لەگەڵ حەلەب سی قۆناغێکە بەرەو دیمەشق، خانوو شوێنی حەوانەوەی کاروانچیەکانی تێدایە بە(فندق)ناسراوە (یاقوت الحموی، 1995، 42/2).

7- عەزاز(اعزاز): ناوچەیەکە قەڵای تێدایە (؟) دەکەوێتە باکوری حەلەب کە نێوانیان دووری یەك ڕۆژە ڕێیە (یاقوت الحموی،1995،4/111).

8- خەڵات: خلاط، شارێکی بەناوبانگ و بەپیت و بەرەکەتە لە هەرێمی ئەرمینیا(یاقوت الحموی، 1995، 35-380/2؛ الحمیری، 1980، 22/1).

9- ڕەقە: (الرقە) شارێکی بەناوبانگی فوراتە لە هەرێمی جەزیرەیە، نێوانی لەگەڵ حەڕان سێ ڕۆژە (یاقوت الحموی، 1995، 59/3).

10- شەنگال: (سنجار) شارێکی بەناوبانگی جەزیرەیە، نێوانی لەگەڵ موسڵ سێ ڕۆژە و لەپاڵ چیا هەڵکەوتووە لە ناوەندی شارەکە ڕووبارهەیە، ئاوەدانە، نێوانی لەگەڵ نوسێبین سێ ڕۆژە (یاقوت الحموی، 1995 ، 262/3؛ القزوینی، د.ت، 393/1)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

11- خابور: سەر بە موسڵە لە ڕۆژهەلاتی دیجلەیە (یاقوت الحموی، 1995، 335/2).

12- نوسێبین: (نصیبین) شارێکی ئاوەدانی هەرێمی جەزیرەیە، لەسەر ڕێگای کاروانەکانە لە موسڵ بەرەو شام، لەگوندەکانی نوسێبین چل هەزار باغ و بێستان هەیە نێوانی لەگەل شنگال نۆ فەرسەخە/٥٤ کم (یاقوت الحموی، 1995، 288/5؛ المغربی، د.ت، 44/1؛ الحمیری،1980، 577/1).

13- سروج: ناوچەیەکە لە نزیك حەڕان لە جەزیرە (یاقوت الحموی، 1995، 216/3).

14- ئامەد: (آمد) شارێکی کۆنە لە هەرێمی دیاربەکر، شوورەدارە و لەبەردی ڕەش بنیات نراوە، کە بە شێوەی مانگ دەوری ڕووباری دیجلە داوە، بێستان و ڕووباری شارەکە بەشورا دەورە دراوە (یاقوت الحموی، 1995، 56/1؛ القزوینی، د.ت، 491/1).

15- حسنکیف: قەڵایەکی بەسەر ڕووباری دیجلەدا دەڕوانێ، لە نێوان ئامەد و شاری جەزیرە لە دیاربەکر (یاقوت الحموی، 1995، 265/2؛ ابن عبد الحق، 1991، 407/1).

16- میافارقین: بەناوبانگترین شارە لەدیاربکر لەهەرێمی جەزیرە (یاقوت الحموی،1995، 236/5؛ القزوینی، د.ت،565/1).

17- زومار: گوندێکە لەگوندەکانی موسڵ،ناحیەیەکی فراوانە سەربە بەقردی و بازبدێیە (یاقوت الحموی،1995، 469/4؛ ابن عبد الحق3،1170/1991).

18- حەڕان: شارێکی بەناوبانگی هەرێمی جەزیرەیە، لەسەر ڕێگای موسڵ وشام و ڕۆمە (یاقوت الحموی،1995، 235/2؛ الحمیری،1980، 191/1).

19- شارەزور: (شهرزور)کورەیەکی گەورەو فراوانە لەچیاکانی نێوان هەولێر(اربل)و هەمەدان (یاقوت الحموی،1995، 375/3).

## لیستی سەرچاوەکان:

1- ابن الاثیر: ابو الحسن علی بن ابی الکرم محمد بن محمد بن عبدالکریم بن عبدالواحد الشیبانی الجزری، عزالدین، (ت:630هـ/1232م)، د.ت، التاریخ الباهر في الدولة الاتابکیة، تحقیق: عبدالقادر أحمد طلیمات، دار الکتب الحدیثة بالقاهرة و مکتبة ألمثنی ببغداد.
2- 1997، الکامل فی التاریخ، تحقیق: عمر عبدالسلام تدمری، بیروت، دار الکتاب العربی.
3- البنداری: الفتح بن علی محمد البنداری،(ت: 642هـ/ 1244م)، 1971، مختصر سنا البرق الشامی، تحقیق: رمضان ششن، بیروت، دار الکتاب.
4- الجبریتی: عبدالرحمن بن حسن الجبرتي(ت1237هـ/ 1821م)،د.ت، تأریخ عجائب الأثار في التراجم والأخبار، بیروت، دار جیل.
5- الجمیلي: رشید الجمیلی، 1970، دولة الاتابکیة في ألموصل، 1گ، بیروت، دار النهظة العربیة.

6- الحازمی الهمدانی: ابوبكر محمد بن موسى بن عثمان الحازمی الهمدانی زین الدین،(ت: 584هـ/ 1188م)، 1994، الاماكن او ما اتفق لفظه و افترق مسماه من الامكنه، تحقیق: حمدبن محمد الجاسر، دار الیمامه للبحث والترجمه والنشر.
7- الحایك: منذار الحایك، 2011، العصر الایوبی قرن من الصراعات الداخلیه، دمشق، دار صفحات للدراسات والنشر.
8- الحمیری: ابو عبدالله محمد بن عبدالله بن عبدالمنعم الحمیری، (ت: 900هـ/1494م)، 1980، الروض المعطار فی خبر الاقطار، ط2، تحقیق: أحسان عباس، بیروت، مؤسسه ناصر للثقافه.
9- الدواداری: ابی بكر بن عبدالله بن ایبك الدواداری،(ت: بعد 733هـ/ بعد 1332م)، 1972، كنز الدرر وجامع الغرر، تحقیق: سعید عبدالفتاح عاشور، القاهره، دار احیاء الكتب العربیه.
10- الذهبی: شمس الدین ابو عبدالله محمد بن احمد بن عثمان بن قایماز،(ت:748هـ/1347م)، 2003، تأریخ الاسلام ووفیات المشاهیر والاعلام ، تحقیق: عمر عبدالسلام التدمری، بیروت، دار الكتاب العربی.
11- الرهاوی، المجهول فی حدود(632هـ/1234م)، 1986، تاریخ الرهاوی المجهول، عربه عن السریانیه ووضع حواشیه: الاب البیر ابونا، بغداد، مطبعة شفیق.
12ـ السیوطي: عبدالرحمن بن ابي بكر جلال الدين (ت:911هـ/ ؟ م)، 2004، تاريخ الخلفاء، ط1، تحقيق: حمدي المرداني، مكتبة نزار مصطفى الباز.
13- الصفدی: صلاح الدین خلیل بن ایبك بن عبدالله الصفدی، (ت:764هـ/1362م)، 2000، الوافی بالوفیات ، تحقیق: احمد الأرناؤوط و تركی مصطفی، بیروت، دار احیاء التراث.
14- الصلابی: علی محمد الصلابی، 2018، الدوله الایوبیه و جهوده فی القضاء علی الدوله الفاطمیه وتحریر بیت المقدس، بیروت، مكتبه حسن العصریه.
15- 2013، صەلاحەدینی ئەیوبی، وەرگێرانی: عبدالله گەرمیانی، نارین.
16- 2007، عصر الدولة الزنكية، ط1، القاهرة، مؤسسة أقرأ النشر والتوزيع والترجمة.
17- العرینی: السید الباز العرینی،1967، الشرق الادنی فی العصور الوسطی، بیروت، دار النهضة العربیة.
18- عزائم: عبدالرحمن عزائم، 2013، صلاح الدين و أعادة أحياء المذهب السنني، ط2، الترجمة: قاسم عبده، الدوحة دار بلومزبري- مؤسسة قط للنشر.
19ـ ابن عساكر: أبی القاسم علی بن الحسن ابن هبةالله بن عبدالله الشافعي(ت:571هـ/1175م)، 1995، تاريخ مدينة دمشق و ذكر فضلها و تسمية من حلها من الأماثل، تحقيق: محب الدين أبي سعيد عمر بن غرامة العمري، بيروت، دار الفكر.
20- علي: عبدالحفيظ محمد علی، 1984، مشكلات، الوراثة في مملكة بيت المقدس وأثرها على تاريخ الحركة الصليبية، ط1، دار النهظة العربية.
21- القزوینی: زكریا بن محمد بنمحمود القزوینی،(ت:682هـ/1283م)، د.ت، آثار البلاد و اخبار العباد، بیروت، دار صادر.
22ـ قلعجی: قدري قلعجي، 1992، صلاح الدين الايوبي قصة صراع بين الشرق والغرب، ط1، بيروت، شركة المطبوعات للتوزيع وانشر.
23ـ القلقشندي: أحمد بن علي بن أحمد الغزاري القلقشندی ثم القاهري(ت:821هـ/1418م). د.ت، صبح الأعشى في صناعة الإنشاء، بيروت دار الكتب العلمية.
24- المغربی: ابو حسن علی بن موسی بن سعید المغربی ،(ت:685هـ/1286م)، د.ت، الجغرافیا.
25- تاج الدين شاهنشاه: تاج الدين شاهنشاه بن ايوب،(ت:د.ت)2000، منتخبات من كتاب التاريخ لصاحب حماه، القاهره، دار المنار.
26- التطیلی: الرابی بنیامین الرابی یونه التطیلی النباری الیهودی ، (ت:569هـ/1173م)، 2002،رحله بنیامین التطیلی، ط1، أبوظبی،المجمع الثقافی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

27- ابن تغری البردی: جمال الدین ابی المحاسن یوسف بن تغری بردی الاتابکی،(ت:874هـ/ 1372م)، د.ت، النجوم الزاهره، مصر، وزارة الثقافة و الارشاد القومی.
28- حماده: محمد ماهر حماده، 1985، الوثائق السیاسیه والاداریه للعهود الفاطمیه والاتابکیه والایوبیه، ط2، بیروت، مؤسسه الرساله.
29- ابن خلدون: عبدالرحمن بن محمد بن محمد، ابن خلدون ابو زید ولی الدین الحضری الاشبیلی،(ت:808هـ/1405م)، 1996، العبر ودیوان المتدأ والخبر فی التاریخ العرب والعجم والبربر ومن عاصـرهم من ذوی سـلطان الاکبر، تحقیق: خلیل شحاده، ط3، بیروت، دار الفکر.
30- ابن خلکان: شـمس الدین ابوالعباس أحمد بن محمد، (ت:681هـــ/ 1282م)، 1988، وفیات الاعیان وانباء أبناء الزمان ، تحقیق: یوسف علی طویل ومریم قاسم طویل، بیروت، دار الکتب الحلمیة.
31- ابن الخمیس: ابی عبدالله بن عسکر ابی بکر بن، (ت: 639هـــ/1241م)، 1999، مطلع الانوار و نزهة البصائر والابصار، تحقیق: عبدالله المرابط، رباط، بیروت، دار الغرب الاسلامی.
32- ابن سـباط: حمزه بن أحمد بن عمر الغربی،( ت:بعد،926هـــــ/بعد1519م) 1993، صـدق الاخبار (تاریخ ابن السباط)، تحقیق: عمر عبدالسلام التدمری، طرابلس، جروس برس.
33- سـبط ابن الجوزی: شـمس الدین یوسـف بن قزاوغلی،(ت:654هـــــ/1256م)، 1951، مرآة الزمان فی التاریخ الاعیان، حیدر آباد، مطبعه مجلس دائره المعارف العثمانیه.
34- سـالم: السـید عبدالعزیز سـالم و سـحر السـید عبدالعزیز سـالم ،2004،دراسـات في تاريخ الايوبيين والمماليك ،اسكندرية،مؤسسة شباب الجامعة
35- ابو شـامه: ابوالقاسـم شـهاب الدین عبدالرحمن بن اسـماعیل بن ابراهیم المقدسـی الدمشـقی المعروف بأبی شامه(ت:665هــ/1266م)، 1997، عیون الروضتین فی اخبار الدولتین النوریه والصلاحیه، تحقیق: ابراهیم، بیروت، مؤسسه الرساله.
36- د.ت، الروضتین فی اخبار الدولتین النوریه والصلاحیه، بیروت، دارالجیل.
37- ابن شاهنشاه الایوبی: محمد تقی الدین عمر،(617هـ/ 1220م)، 1968، مضمار الحقائق وسر الاخلائق، تحقیق: حسن حبشی، القاهره، دار الهنا للطباعه.
38- ابن شداد: یوسف بن رافع بن تمیم بن عتبه الاسری الموصلی ابوالمحاسن بهاءالدین، (ت:632هــــ/ 1234م)، 1994،النواد السـلطانیه والمحاسـن الیوسـفیه (سـیره صـلاح الدین الایوبی، ط2، تحقیق: جمال الدین المشـیال، القاهره، مکتبه الخانجی.
39- ابن شـداد:عزالدین ابو عبدالله بن علی بن ابراهیم الانصـاری الحلبی(ت:684ه/ 1285م)، د.ت، الاعلاق الخطیرة في ذكر امراء الشام والجزيرة.
40- ابن عبد الحق: عبدالمؤمن بن عبدالحق ابن شمائل القطیحی البغدادی الحنبلی صفی الدین،(ت:739هــــ/1338م)، 1991، مراصد الاطلاع علی الاسماء الامکنه والبقاع، ط1، بیروت، دار جیل..
41- ابن العبری: غریغوریوس یوحنا بن هارون بن توما مالطی ابو الفرج، (ت:685هـــ/1286م)، أـــ 1992، تاریخ الزمان، ط3، تحقیق: انطوت صـالحانی الیسـوعی، بیروت. بـ ـــــ 2005، ط2، تحقیق: اسـحق أرمله، بیروت، دار المشرف.
42- ابن العدیم: کمال الدین ابوالقاسم عمر بن احمد،(ت:أـــــ 660هـــــ/ 1262م)، 1951،زبدة الحلب من تاریخ حلب، تحقیق: سامی الدهان، بیروت، منشورات المعهد الفرنسی. ب - 1954، تحقیق: سامی الدهان، دمشق.
43- ابن العماد الحنبلی: عبدالحی بن احمد بن محمد ابن العماد العسکری الحنبلی ابو الفلاح،(ت: 1089 هـــــ/1678م)، 1986، شذرات الذهب فی أخبار من الذهب، ط1، تحقیق: محمود الارناؤوط، دمشق-بیروت، دار ابن کثیر.
44- عـمـادالـدین الاصـــفـهـانی: محـمـد بن محـمـد صـــفـی الـدین بن نفیس الـدین الحـامـد بن الـه ابو عـبـدالله،( ت:597هـ/1200م)،1987،البرق الشامی، تحقیق: فالح حسین ، ط1، عمان، مؤسسه عبدالحمید شومان.

45- ابو الفداء: ابوالفداء عمادالدين اسـماعيل بن على بن محمود بن عمر بن شـاهنشـاه بن ايوب الملك المؤيد،(ت، 372هـ/1331م)، د.ت، ط1، المطبعه حسينيه المصريه.
46- ابن فضل الله العمرى: احمد بن يحى بن فضل الله القريشى العدوى العمرى شهاب الدين، (ت: 749هـــ/1348م)، 2002، مسالك الأبصار فى ممالك الأمصار، ابو ظبى، المجتمع الثقافى.
47- ابن كثير: ابوالفداء اسماعيل بن عمر بن كثير القرشى البصرى ثم الدمشقى،(ت:774هـ/1372م)، 1993، طبقات الشافعيين، تحقيق: احمد عمر هاشم و محمد زينهم محمد غرب، مكتبه الثقافه الدينيه.
48- 1993، طبقات الشافعية، تحقيق: أحمد عمر هاشم و محمد زينهم محمد غرب، مكتبة الثقافة الدينية.
49- كرد علي: محمد عبدالرزاق بن محمد، كرد علي(ت: 1372هـ/1952م)، 1983، خطط الشام، ط3، دمشق، مكتبة النوري.
50ــــ المقريزي: تقى الدين ابى العباسى أحمد بن علي بن عبدالقادر العبيدي المقريزى(845هـــ/1441م)، 1997، السلوك لمعرفة دول الملوك، تحقبق: محمد عبدالقادر عطا، بيروت، دار الكتب العلمية.
51- ابن المنظور: محمـد بن مكرم بن على ابوالفضـــل جمـال الـدين ابن المنظور الانصـــارى الرويفعى الأفريقى،(ت:711هـــ/1311م)، 1984، مختصــر تاريخ دمشــق لابن عســاكر، تحقيق، روهيه النحاس و رياض عبدالحميد و محمد مطيع، دمشق، دارالفكر.
52- مؤلف مجهول: (ت: بعد655هـــ/1257م)، 2010، تاريخ دوله الاكراد و والاتراك، تحقيق: موسى مصـطفى الهنسيانى، دهوك، منشورات جامعة دهوك.

53- ابن واصل : جمال الدين محمد بن سالم بن واصل،(ت: 697هـ/ 1297م)، 1957، مفرج الكروب فى اخبار بنى ايوب ، تحقيق: جمال الدين الشيال، الاسكندريه.
54- ابن الوردي: عمر بن مظفر بن عمر بن محمد بن ابى الفوارســى ابوالحفص زين الـدين ابن الوردى المعرى الكندى،(ت:749هـ/1348م)، 1966، تاريخ ابن الوردي، بيروت، دار الكتب العلمية.
55ــــ النويري: أحمد بن عبدالوهاب بن محمد بن عبدالدائم القرشي التيمي البكري، شهاب الدين نويري،(ت:733هـــ/1332م)، 1985، نهاية الارب في فتون الأدب، ط1، القاهرة، دار الكتب والوثائق القومية.
56ــ اليافعي: ابو محمد عفيف الدين عبدالله بن اسعد بن على بن سليمان اليافعي،(ت:768هـــ/1366م)، 1997، مرآة الجنان وعبرة اليقظان في معرفة ما يعتبر من حوادث الزمان،ط1، بيروت، دار الكتب العلميه.
57- ياقوت الحموى: شهاب الدين ابو عبدالله ياقوت بن عبدالله الرومى الحموى،(ت: 626هـــ/1228م)، 1995، معجم البلدان، ط2، بيروت،دار صادر.
58- ابو اليمن: عبدالرحمن بن محمد بن عبدالرحمن الحليمى الحنبلى ، ابو اليمن مجيرالدين، (ت: 928هــــ/1521م)، د.ت، الانس الجليلبتاريخ القدس الخليل، تحقيق: عدنان يونس عبدالمجيد نباته، عمان، مكتبه دنديس.
59- يوسف: عصام ، 2018، صلاح الدين الايوبى قاهر الصليبين و بطل حطين، الجيزه، دار النهار.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Political Agreements of The Sultan Salahaddin with Zankien Family

**Lana Hayder Jukl**
Department of History, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Jukldizayee@gmail.com

**Rabeah Fatah Shikh Mohamad**
Department of History, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Rabeah.shikhmohamad@su.edu.krd

***Keywords:*** *Political, Zankien, Sultan Salah al-Din, effective, Crusaders*

## Abstract:

This research is entitled (The Political Agreements of Sultan Salah al-Din with the Zankien Family). It deals with the diplomatic and political attempts made by the Sultan towards unifying and coordinating the Islamic front. At that time, the Islamic world (the Islamic Nation) was in a state of discrimination and division and the Sultan considered himself the guardian of the Islamic world and Muslims. After the death of Nuraddin Mahmood al-Zenki in the year 569 AH / 1173 AD, his son, King Saleh, took his place when he was still young.

Salah al-Din al-Ayyoubi tried hard in all peaceful ways, wars and treaties, to gather the Zankiens under the banner of the Ayyoubiya State to fight the Crusaders. At the beginning, he tried to take control of Damascus, then the city of Sinjar and the city of Aleppo, which was of special importance, and the city of Mosul remained, which was of great interest to the Zangids. After three rounds of negotiations, he could manage to bring the city under his authority.

The Zankiens were not stingy financially and morally in supporting the Sultan. They were an effective force in all the wars against the Crusaders and their standing behind Salah al-Din led to the unification of capabilities in front of the Crusaders. There were several factors that pushed the two sides to the agreement, which had several impact and results. One of the results was the fulfillment of the Sultan's aspirations and hopes for the unification of Muslims and the liberation of the lands, particularly the

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

city of Jerusalem. The Sultan knew that without such unity his wishes would not be fulfilled. Those agreements paved the way for a great victory and the Sultan was very interested in the agreements

## ملخص البحث:

البحث بعنوان (الاتفاقيات السياسية للسلطان صلاح الدين مع اسرة الزنكيين) يتناول المحاولات الدبلوماسية والسياسية الذي قام به السلطان باتجاه توحيد وتنسيق الجبهة الاسلامية، في ذلك الزمان كان العالم الاسلامي(الامة الاسلامية ) في حالة التفرقة والانقسام ، والسلطان يعتبر نفسه راعيا للعالم الاسلامي والمسلمين، بعد موت نورالدين محمودالزنكي في سنة569 ه/1173م )تولى ابنه الملك صالح مكانه وكان صغير السن. صلاح الدين الايوبي حاول جاهدا بكل الطرق السلمية والحروب والمعاهدات ان يجمع الزنكيين تحت راية الدولة الايوبية لمحاربة الصليبيين.في البداية حاول السيطرة على دمشق ثم مدينة سنجار ومدينة حلب الذي له اهمية خاصة وبقي مدينة الموصل وهذه المدينة يهتم بها الزنكيون كثيرا ، بعد ثلاثة جولات من المفاوضات استطاع ان يخضعها لسلطته. والزنكيون لم يبخلوا ماديا ومعنويا في دعم ومساندة السلطان، وكانوا قوة فعالة في كل الحروب ضد الصليبيين ووقوفهم خلف صلاح الدين ادى الى توحيد الامكانيات امام الصليبيين،هناك عدة عوامل دفعت الجانبين الى الاتفاق وتلك الاتفاقيات لها عدة اثر ونتائج . ومن نتائجه تحقيق امال السلطان لتوحيد المسلمين وتحرير الاراضي خاصة مدينة القدس، ان السلطان كان يعلم بدون هذه الوحدة لن يتحقق امنيته. تلكم الاتفاقيات مهد السبيل لنصر كبير ولهذا الامر كان السلطان يهتم كثيرا بهذه الاتفاقيات.